وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان

وەزیرێکی گەنج, ئەزموونێکی تازە

سەرکەوتنی گەلی کورد لە بەرامبەدوژمنانی لە بەشێکی خاکەکەی و خۆڕاگری بێ وێنەی لە ئەت ئەو هەموو ستەم و دڕندایەتی و خوێنمژییەی کەوا دەسەڵاتێ ئۆرگانە تۆتالیتارو ئاپارتایدو داپڵۆسێنەرانەیی لە (عێراق)دا فەرمانڕەوایان کردووە, بێ ئەوەی ویژدانیان بەئاگابێنن, هەتا پێیان کراوگەلێکیان داپڵۆسیوە گەلێکیش هەتا پێانکراوە, بەرخوەلێن بە خوێنی سووری بێچووە شێرو هەڵۆکانی سازکردووە, کەوابێ (سیحری) مانەوەو سەرکەوتن و خۆڕاگریی ئەم گەلە لە دوو تۆیی کفنی ئاڵوخوێنی گەشی شەهیدان و ئەنفالکراوە بێ کفنەکانیەکهێنانی وەزارەتێك بەو ناوە سەرەوەو سپاردنی وەزارەت بە کچە شەهیدێك کەئەویش بەڕێز "چینار سەعد عەبدوڵلا"یە گفتوگۆی لەم بابەتە هەڵدەگرێ, کە ئایا وەك گەنجێك چەندە سەرکەوتوو دەبێت؟ یا وەك ئەو ئافرەتە وەزیرانە دەبێت کە ئەزموونێکی شکستکردویان بە دەستەوەدا یان گرەوی سەرکەوتن ئەباتەوە؟

سازدانی: فەرمان هیدایەت

بە پرسیارێکی کلاسیکی دەست پێ دەکەین خۆت بناسێنە؟

من ناوم (چینار سەعد عەبدوڵلا)یە لە دایکبووی □□□□ لە هەولێر.

خوێندنی سەرەتاییم تا چوار لە هەولێر تەواوکرد, دواتر لە ساڵی □□□□ ئاوارەی ئێران بووین بە هۆی بارودۆخی پێشمەرگایەتی باوکم, لە شاری "ورمێ" لە ئێران بەردەوامیم بە خوێندندا, تا قۆناغی پێنجەمی دواناوەندی, واتە یەکەمی (دەبیرستانی) ئەوێ ساڵی □□□□ لە راپەڕینی کوردستان,گەڕاینەوە وڵات و قۆناغی دواناوەندیو زانکۆم لە کوردستان تەواوکرد,ئێستا لە زانکۆی سەلاحەددین خاوەن بڕوانامەی ماستەرم, لە کۆمەڵناسی و قوتابی دکتۆرام لە هەمان بەش هەیە, وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان جێگرەوەی "دەزگای شەهیدان" لە "ئیدارەی هەولێر" "پێشوو" لەسەر بنەمایەکی یاسایی دامەزراوە,بەپێی یاسا لە پەرلەمانی کوردستان یاساو بڕیاری پێ دەرچووە,بۆ ئیلغاکردنیشی هەر دەبێ بەپێی یاسابێت, سەبارەت بە دەزگایی شەهیدان لە ئیدارەی سلێمانی هەر بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی ئەوێ دامەزراوە. بەڵام سەرەڕای بوونی ئەو یاساو بڕیارانە ئەوە گومان لەوە نییە کە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان دەبێتە مەرکەزێکی بەهێزو بەدیلی ئەو دەزگایانەی کە پێشتر هەبوون, بەهۆی دوو ئیدارەیی و رەوشی سیاسی رەنگە رووخساری حزبیانەی بەخۆوە گرێت کە ئێمە لە وەزارەتی تازەدا هەوڵدەدەین سەرەڕای رەچاوکردنی هەندێك رێنمایی و بڕیاری باش لەلایەن ئەو دەزگایانە ئەوا دەبینە خاوەن بڕیارات و رێنمایی تازەترو پلان و بەرنامەی هەمەلایەنە دادەڕێژین لە پێناو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە کەس و کاری شەهیدو ئەنفالکراوان بەبێ جیاوازیو دوور لە چین و توێژو رەنگ و ناوچەگەرێتی, لەبەر ئەوەی مرۆڤەکان لە پلەی شەهادەتدا یەکسان دەبن و جیاوازییەکان لەو پێگەیەدا لەناودەچێت.

-کاروباری وەزارەت و خزمەتگوزارییەکانی هەر لە سنووری هەولێرو دهۆك دەمێنێ یان هەموو کوردستان دەگرێتەوە؟

وزارەتی کاروباری شەهیدو ئەنفالکراوان بە یەکێك لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دێتە ژماردن, بۆیە سنووری دەسەڵاتی تا ئەو شوێنەیە, کە سنووری دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمە, بۆیە بەبێ شك ئێمە لە خزمەتی هەر خانەوادەیەکی شەهیدو ئەنفالکراو دەبین کە لەوپەڕی سنووری کوردستان بێت,یان لە شوێنە دوورە دەستەکان.

-پرۆژەی گرنگ و نوێ چییە کە دەخرێنە کارنامەو بەرنامەی وەزارەتەوە؟

ئەرکی هەرە سەرەکی وەزارەتەکەمان خزمەتکردنی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوانەو گەڕانەوەی پێگەی پیرۆزە بۆیان, کە ئەمەش بە تەنها جیاکردنەوەو بژارکردنی شەهیدی راستەقینەیە, لەوانەی کەوا مووچەی شەهید بۆ مردووەکانیان وەردەگرن, (موزییەف)دەبێت, کە ئەوەش پێویستی بە چاکسازیو ئەنجامدانی ئامارە لەو بوارەدا کە یەکێك لە بەرنامەکانی ئایندەمان دەبێت.

-بڕوات بەوە هەیە لە کاروباری وەزارەتەکەتدا بتوانی لە بری حزب بکەویتە خزمەتی بنەماڵەی شەهیدان؟

من کەسێکی حزبیم و بە شانازییەوە دەڵێم من پارتیم و باوکیشم شەهیدی پارتییە, بەڵام ئەوە چ جار رێگای لە کوردبوون و نیشتمانپەروەری من ناگرێت, لەبەر ئەوەی پارتی یەکەم حزبی کوردییە کە بە مەبەستی رزگاری کوردستان خەباتی کردووەو من لێرەدا نامەوێت بەسەر حزبەکەمدا هەڵبڵێم,بەڵام دەمەوێت جەخت لەسەر ئەو راستییە بکەمەوە کە هەموو حزبە کوردستانییە شۆڕشگێڕەکان,لە پێناو خزمەتکردنی کوردستاندا دامەزراون, واتا حزب وەسیلەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی مەزنتر,ئەویش خزمەتکردن و پێشکەوتن و ئازادی کوردستانە, کەواتە هەر ئەو ئامانجە پیرۆزە,ئامانجی منیش دەبێت لە کارکردندا, من تا ئەو ئەندازەیە حزبیم زیان بە بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلەکەم نەگەیەنم, لە کوردستانی بوونمدا دادپەروەری رەچاو بکەم, شکم لەوەنییە کە حزبەکەشم هەمان ئامانجی هەیە.

-وەك گەنجێك بڕوات بەوە هەیە, کە لە هەنگاوی بەکردەوەدا, بیسەلمێنی کە ئەزموون و لێهاتووی لای خاوەن بە تەمەنەکانەوە نییە, بەڵکو گەنجانیش دەتوانن ببنە خاوەن ئەزموون و کارو ئەفراندن و لێهاتوویی خۆیان؟

بێگومان توانا و لێهاتوویی و بوونی مەعریفەو رۆشنبیری لای مرۆڤ گرێدراو نییە بە ئاستی تەمەنەوە, بەڵکو مرۆڤەکان ئەگەر هەوڵبدەن و خۆیان پەروەردە بکەن دەتوانن لە تەمەنێکی زوو یا درەنگ ئەو پێگەیە لە توانایی و شارەزایی بە دەست بێنین,سەرەڕای ئەوەی کە توانای هزری و جەستەیی گەنج بۆ فێربوون و کارکردن لە قۆناغەکانی تەمەنی مرۆڤ زیاترە, ئەمە راستییەکی زانستییەو نکۆڵی لێ ناکرێت, بەڵام لایەنی ئەزموون و مەیدانیش کە زیاتر رۆژگارو مومارەسەی ژیان فێری مرۆڤ دەکات,توێشویەکی مەعریفی بە نرخە, کە مەرجە هەموو گەنجێك پشتی پێ ببەستێ, ئەو لێپرسراوێتیەی ئەورۆ کە لەسەرشانی منە تاقیکردنەوەیەکی سەختە, لەو رووەوە کە سەرکەوتنی من بە کردنەوەی دەروازەیەك دادەنرێت بە رووی لاوان بۆ وەرگرتنی کورسییەکانی دەسەڵات, هەوڵدەدەم لەم ئەزموونەدا سەرکەوتن بەدەست بێنم, سەرکەوتنی من ئەو راستییە بە دەسەڵات رادەگەیەنێت کەگەنج دەتوانێت لێپرسراو بێت و ئەو پایەمەش بە گەنج دەگەیەنێت کە دەتوانێت بگاتە پۆستەکانی دەسەڵات, ئەگەر هەوڵبدات خۆی پێبگەیەنێ, واتا هیچ رێگرییەك لە بەردەمی لاوی بە توانا و دڵسۆز نییە ئەگەر بیەوێت بەشداربێت لە پێشخستنی کۆمەڵگاکەی.

-چانسی بوونە نوێنەری کۆمەڵانی خەڵك لە پەرلەمانی هەڵبژێردراوو دواتر وەرگرتنی پۆستی وەزیر لە کابینەیی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا, پەیوەندی بەو مێژووەوە هەیە کە باوکتان بۆی بەجێهێشتوون یان پەیوەندی بە لێهاتوویی بەڕێزتانەوە هەیە, یاخود پەیوەندی بە هەردوولاینەوە هەیە؟

بە شانازییەوە دەڵێم من کچی شەهیدم, دوای شەهیدبوونی باوکم, ئەو پلەیەم پێ بەخشرا, کە بە هیچ سامان و کەنزی جیهان نایگۆڕمەوەیەم پێگەیەش ناکڕدرێت, رەنگە ئەمە یکێك لەو هۆکارانەبێت کە ۆاتر دەرگای هاتنە نێو کاری بە رووی منداولاکردبێت, بەڵام تاکە فاکتەر نییە, لەبەر ئەوەی نەتەوەی کورد کوڕ و کچی شەهیدی زۆرن, تەنانت من وەك خانەوادە خوشك و برام هەن, خوشکەکەم خاوەن بڕوانامەی ئەندازیارییەو براکانیشم یەکێکیان خاوەنی بڕوانامەی یاساییەو ئەویتریان ئەندازیارە, بەڵام بۆ کرام بە پەرلەمانتارو دواتر وەزیر؟,پێموایە هەوڵ و تێکۆشان و کارو چالاکییەکانم هۆکاری سەرەکین و لە ئایندەشدا بە کارەکانم ئەو راستییە دەسەلمێنم.

-پێتوانییە جیاوازیکردن لە مووچەی شەهیداندا بەهۆی پلەو پایەوە کارێکی ناتەندروست بێت؟

بابەتی مووچەی شەهیدان پێویستی بە پێداچوونەوەیە بۆیە لەم قۆناغەدا تاوەکو بەرنامەو پلانی کرداری بۆ کارەکان دانەنێن و پۆلینی شەهیدەکان نەکەین و بەپێی کات و بارودۆخی شەهیدبوون, ناکرێ حوکم لەسەر ئەو لایەنە بدەین.

خەمی ئێمەو هیممەتی ئێوە

ئومێد عەبدولقادر/ هەڵەبجە

ئەگو بێتو بەناو لاپەڕەکانی مێژوومانیدا گەشتێك بکەین رەنگە جگە لە هێرشی داگیرکەران و شاڵاوی بێگانەو خوێن و قوربانیدان ئەم گەلە شتێکی تری ئەوتۆ بەدی نەکەین. لەکاتێکدا کە هەندێك شوێن و ناوچە زۆر بەخەستی و چڕتر لەم نێوەندەدا باری قورسی

بەدوای یەکەکانداو، هەر لە سەرەتای دروستبوونی شۆڕشیشەوە تا دوا کاروانی خەباتی خوێناوی، هەڵەبجە ناوێکی ئاشکرابووە بەگوێی هەموو تاکێکی ئەم گەلەو بگرە گەلانی دەوروبەریش. ئەم شارە هەمیشە پشت و پەناو قەڵای شۆڕشەکان بووە، لە راپەڕیندا هەمیشە رچەشکێن و سەر قافڵەو لەریزی پێشەوە بووەو لەهیچ ئانوساتێکدا پشتی لە شۆڕش نەکردووەو گڕی تۆڵەبووە بۆ عەقڵییەتە دۆگماو چەقبەستووە شۆفینییەکان کە هەر ئەمەش لەدەورانی فتوحات و شمشێرو حوشترەوە بگرە تا سەردەمی ئەنفال و فڕۆکەو گازی ژەهراوی. کە هەموو ئەم فیداکاری و فکرە شۆڕشگێڕییانەی هەڵەبجە ئومێدبوون بۆ رزگار بوون لەشەوەزەنگی حوکمی بێگانەو ژێر دەستەیی بۆ هەر ئایندەیەکی نادیارو لەهەر زەمەنێکدا بێت، بەڵام خۆشبەختانە ئەم هیوایە وەك خەونێك بە حەقیقەت پەیوەستبوو هیواو ئاواتەکانی ئێمەش هاتەدی.

کەچی زۆر سەیرە وەك ئەوەی هەموو ئەمانە تکاوەوە لەم وڵاتە بەدەرنرا، زۆر بە نیگەرانییەوە دەڵێمسیمای ئەم شارە رۆژ بە رۆژ بەرەو وێران بوون و شێوان دەڕوات، هیواو ئاواتەکان بەرەو گۆڕستانی نائومێدی ملی رێگایان گرتۆتە بەر، جادەو کۆڵانەکان تەپوتۆزو ماڵەکانیش هەر کەلاوەن.

هەر بۆیە تەنها ئومێدو تروسکەی هیوای ئەم شارە حکومەتی نوێی کوردستانە کە ئێستا لەبواری دەستبەکاربوندایەو ئێمەش داواکارین لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی یەکگرتوو کە ئاوڕێك لەم شارە بدەنەوەو خەمێك لە حاڵی خەڵکەکەی بخۆن ئەوەی کەپێشتر وتراو نەکرا، ئەوەی کەتەنها بەڵێنی سەر روپەڕی رۆژنامەو

قەت ڕۆژێ بیرتان لەوە کردۆتەوە

ئازگار

بێخەبەر لەوەی چ کارەیەو ئەرکی سەرشانی چییە، چەکدارەو لەخاڵێکی پانتاییئەم هەرێمەدا شا بە سەپان نازانێ، تێش ناگا لەم

لەكاتێكدا كە هەندێك شوێن و ناوچە زۆر بەخەستی و چڕتر لەم نێوەندەدا باری قورسی گیانفیدایی و قوربانی بەخشینیان لەئەستۆ گرتووە.گەر سەرنجێك بدەینە رابردوو دەبینین لەگەڵ سەرهەڵدانی هەر بزووتنەوەیەكی رزگاریخوازی گەلەكەمان و، بەبێ گوێدانە توانا سەربازی سەركوت گەرییەكانی رژێمە یەك لەهیچ ئانوسێلێكدا پشتی لە شۆڕش نەكردووە و گڕی تۆڵەبووە بۆ عەقڵییەتە دۆگماو چەقبەستووە شۆفینییەكان كە هەر ئەمەش وایكرد لەهەموو لایەكەوە دەستی بێگانە هەوڵی شێواندن و چەواشەكردنی ئەم هەستە پیرۆزەو گیانی لەخۆبوردەیی بدەن، بەڵام هەرگیز هەڵەبجە خۆی لە قوربانیدان دوورە پەرێز نەگرتووە هەر حەقیقەت پەیوەستبوو هیواو ئاواتەكانی ئێمەش هاتەدی.

كەچی زۆر سەیرە وەك ئەوەی هەموو ئەمانە ئاوابوبێت كە هەڵەبجە بە درێژایی مێژوو لە خەباتی بێوچاندا بووە، لەپاش ئەو هەموو نەهامەتی و ئاوارەییەو پاش ئەوەی رژێمی ئەنفالچی بە مێژوویەكی رەش و ئابڕوویەكی بوڕێك لەم سارە بدەنەوەو خەمێك لە حاڵی خەڵكەكەی بخۆن ئەوەی كەپێشتر وتراو نەكرا، ئەوەی كەتەنها بەڵێنی سەر روپەڕی رۆژنامەو گۆڤارەكان بوو، ئەوەی تەنها لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەكانەوە وترا ئێوە بیهێننەدی. با چیتر ئەو خەڵكە بەدەست ئاسەوارەكانی جەنگەوە نەناڵێنێ هێمنەتی ئێوە خەمڕەوێنی ئێمەیە..

پرسەكەی مەرزیەو كۆڕە شیعرییەكانی پەشێوو خۆشەویستی بەرپرسەكانمان

عەلی مەحمود محەمەد

زۆر هونەرمەند دەمرێت، بەڵام كەس باسیان ناكات، وەك ئەوەی بۆ مەرزیەو ئیبراهیم خەیات و ئازاد خانەقینی كرا، ئەو شینە نە بۆ دەنگیانە، نە بۆ رەنگیانە، بەڵكە بۆ هەڵوێستیانە.

ئیبراهیم خەیات تاكو سەری نایەوە لەم سەردەمی هەر اجكردنی باوەڕەدا، سەری بۆ هیچ ئیمتیازاتێك شۆڕ نەكرد، ئازاد خانەقینی بە بێكەسی سەری نایەوە، وەسیەتی ئەوە بوو بە مردوویش نەیەنە سەر جەستەكەی، مەرزیەش بینیمان چی بۆ كرا، ئاخر جێی خۆی بوو، ئەو هونەری بۆ كوردو چەوساوەكانی بوو، نەك بۆ باڵاخانەو شوقە، ئەو دەنگەكەی لە خزمەت هەژاران و پێشمەرگەو ئەنفال و هەڵەبجە بوو، نەك دۆلارو...

بەرپرسێكی باڵا لەكاتی سەرقاڵیان بۆ رێكخستنی پرسەكانی مەرزییە بە تەلەفۆن پێمی وت:ئەو ژنە ئەوەندە هەڵگرێت وای بۆ دەكەن.

نیم كۆیی دێشێت، چونكە دەیزانی نەك خۆی، بەڵكە هەموو سەرانی پارتەكەی، هەموو پێكەوە سەر بنێنەوە ئەوەیان بۆ ناكرێت،لەوانەشە شایی بە بۆنەی مەرگیانەوە بۆ سازبكرێت.

یەكەم كۆڕی پەشێو لەدوای راپەڕین لەساڵی □□□□لە هەولێر كە بۆی سازكرا، ئەوسا لەلوتكەی چەپڕەویدا، ئەوەندەی من چەپڵەم بۆی كوتا، مەگەر ئەمجارە كوردە حزبییەكانی هۆڵەندا هێندەیان لۆ لێ دابێت، ناسیۆنالیستەكان تەكمەوە كە تەنها بە ناوەكەی دەمیان لیكی دكرد، ئەوەندی منیان چەپڵە بۆ لێ نەدا، ئەو كات مامۆستا پەشێوم لە نزیكەوە وەك ئێستا نەناسی، بەڵكە یەكەم جاریش بوو دوور بە دوور بینیم، ناشمزانی ئەو چ جۆرە ناسیۆنالستێكە، وەك من جەرگی بۆ سكی برسی هەژاران دەسوتێ، كورد بوون لە ئاڵاو بابڕییەوە نابینێتەوە، كوردستانێكی ناوێت وەك ئێستا بێت بە جەهەنەم بۆ دانیشتوانەكەی، ئاخر دەزانێت كوردستانێكی سەربەخۆ بۆ بەختەوەری هەژارانی نەبێت بە عانەیەكی قەڵب، بە پێچەوانەی ئەوانەی لە كوردستان ناسیۆنالیستن لەناو پارتە چەپەكانی ئەورووپا چەپن، ئەو لە كوردستان بۆ سكی هەژاران چەپەو لە هەندەران بۆ كورد ناسیۆنالیستە.

لەو شاعیرو كەسانە نییە بە شیعرەكانیدا بچێتەوە، گیڤاراو عەزیز محەمەدو...وەك پێداویستی بازاڕ تێدا بسڕێتەوە، هەموو كات دروشمێكی هەیە هەموو شت بە خوێ، خوێش بە مانا، چونكە دەزانێت مرۆ دڵی هەڵەچێت لە پێهەڵدانی بێ ماناو دژایەتی بێ مانا.

ئەو چەپڵە لێدانەی □□□ی هەولێر بۆ پەشێو بینیم ، لە □□/□/□□□□ لە لایدنی هۆڵەندە حەماسەتی چەپڵە لێدانەكان نەك دانەبەزیبوو، بەڵكە چووبووە سەر، كێرڤی خۆشەویستی ئەولای جەماوەر بەرز ببوەوە، خۆ پەشێو ئێستا شیعرێكی زۆر بە بەرهەم نییە، بەڵكە زۆر بە هەڵوێستە. چەپڵەكان بۆ بەرهەمە نوێكانی نەبوو، بەقەد ئەوەی بۆ هەڵوێستەكانی ئێستاو رابردووی بوو.

ئەو لەبەر ئەوەی شاعیری گەل و هەژارانە، بۆیە خۆشی كوڕە كرمانجێكی سادەیە، كە شیعری بەسەر میری دزەكاندا دەووت، دزی گەورەو بچووك چەپڵەی بۆ لێدەدا، كە شیعر بۆ □□ی ئاب دەڵێت، پاڵەوانەكانی ئەو كارەساتەش دێنە ئەژنۆ بۆی، هەوادارانی سەرۆكی ماچ لەهەموو كەسزیاتر بۆ شیعری ماچ دەڵێن دووبارە، ئیسلامی و كۆمۆنیست، عەلمانی و ئاینی، نەتەوەیی و كۆسمۆپۆل هەموو هاوكات پێكەوە چەپڵەی بۆ لێ دەدەن.

كەواتە تاكو لەسەر هەڵوێستی خۆڕاگرانەی ئاوا بەردەوام بێت، دەتوانین بڵێین ئەمەیە شاعیری گەل.

ئێمەش سوپاسی پەنجەو زارو مێشكی بكەین لەبەرەی گەلدا ئەویان بۆمان هێشتەوە، لەم تەمەنەشدا ئەم كەڵە شاعیرەیان نە چەماندەوە.

هەواڵی كۆڕەكە شیعرییەكە لێرەدا بخوێننەوە:
www.chrax.com/2006/05peshew-nl.htm

بێخەبەر لەوەی چ كارەیەو ئەركی سەرشانی چییە، چەكدارەو لەخاڵێكی پانتاییئەم هەرێمەدا شا بە سەپان نازانێ، تێش ناگا لەم مەملەكەتە چ دەگوزەرێ.رۆبۆت ئاسا بە بڕیاری بەرپرسەكەی ئەگەر سەریشی تێدا بچێت ئەوانەی ئەركی سەرشانی ئەو نین مەبدەئی جێبەجێیان دەكات! ئەو نەهیچ لە سیاسەت دەزانێ، نە پەیوەندیە كۆمەڵایەتییەكای لای ئەرزشێكی هەیە، نە ئاگای لە مێژوو هەیە، بڕیار بەدەستەو تەواوی زاڵگەو شوێنە موهیم و گەورەكان و گرنگەكانی لەبەردەستیدا، ئەقڵی چۆن بڕبكا وەك بڕیار بەدەست، چی بوێ دەیكا، تەنیا قەوم و عێل و خزم و گەورە پیاوانی حزبەكەی خۆی دەناسێ.

ئەو رۆحی ئێمەی لەبەردەستدایە لە ئان و ساتدا دەتوانێ رۆحت لێ بستێنێ یان رەوانەی دۆزەخت بكات، بێ ئەوەی بزانێ یاسا چییە؟ بەناوی یاسا هەڕەشە دەكا، رێگریت دەكا، حەسیر مەیدانت دەكا، ئەوشتە، دەتوانێ زیندانیت بكا، بڕیار بەدەستە چی بوێ دەیكا، دەڵێن جار منیش رووبەڕووی ئەو چەكدارانە بومەتەوە..بەڵام.. بێ دەنگ بووم.

رووداوەكەی خاتوو "پەخشان زەنگەنە" ئەندامی پەرلەمان و كەسایەتی ناسراوی هەواری ئافرەتان و پێشمەرگەو تێكۆشەری ماندوونەناس و گفتوگۆی (رادیۆی زاگرۆس)لەگەڵ بەرپرسێك دەربارەی ئەم رووداوە نیگەرانی كردم بە تایبەت پاساو هێنانەوەی نابەجێ بۆ كردەوەیەكی نا شارستانی پێم ئاسایی بوو سەمەرەنییە، رووداوی لەم شێوەیە، كە رۆژانە روودەدەن، بەڵام سەیر لەوەدایە بەرپرسێك سوور بزانێ كارێكی هەڵە بەرامبەر پەرلەمانتارێك یان هەر كەسایەتیەكی دی ئەنجام دراوە قسەی بێ سەرو بەروو، دوور لە راستی لەسەر رووداوەكە بهۆنێتەوەو پاساوی نادروست بهێندرێتەوە لەرادیۆیەكی خۆشەویستی وەك زاگرۆس بۆ گوێگران راستییەكان بەراوەژوو بكات لەگەڵ ئەوەشدا پێشكەشكاری بەرنامەكە زۆر بە جورئەت راستگۆیانە هەوڵی ئەوەی دەدا راستیەكان وەكو خۆی بگوترێ و جاروبار بەرپرسەكەی دەهێنایەوە سەر راستەڕێ، دواجار كەڵكی نەبوو پێشكەشكاری بەرنامە كۆتایی بە دیدارەكە هێنا بەوەی دەنگی خۆی خستە پاڵ دەنگی پەخشان زەنگەنەو هەڵوێستی دژی نیشاندا بۆ ئەو جیاكاریەی لەم شوێنانەدا دەكرێن.

لەم نەرمە گەمانەو لەم بگرەو بەردانە، ئەم وەزعە بۆ كوێ؟ پرسیار نەعەیبەو نە كوفرە، حەزەكرد رۆژانێك ئێوەش لە شوێنی خاتوو پەخشان و ئەوانی دی بان، تا بەچاوی خۆتان دەتان دیت لەم مەملكەتە چی دەگوزەرێ؟ بۆئەوەی بزانین ئەو كاتە ئێوە چیتان دەگووت: دڵنیام دژی ئەو كارو كردەوەو رەفتارانە دەبوون دژی سیاسەتی بانێكەو دووهەوا، بەڵام ئەم هەڵوێستە گرنگە كە ئێستا لەگەڵ موعانات و ئێش و ئازاری ئەوانی دی دابن، ئەگەر حاڵی خاتوو پەخشان ئاوابێ، دەبێ خەڵكە هەژارو نەدارەكە چۆنی بگوزەرێنن؟ قەت رۆژێ بیرتان لەوە كردۆتەوە؟؟.